# بە یەکڕیزی و هەماهەنگی، لایەنە کوردییەکان بەرەو چارەسەری دەستووری بە قەیرانەکان دەڕۆن



پارتی و یەکێتی ڕایانگەیاند، هاوڕان لەسەر چڕکردنەوەی هەوڵەکان بۆ چارەسەری کێشە و دابینکردنی موچە و شایستە داراییەکانی هەرێمی کوردستان و پتەوکردنەوەی پەیوەندییەکان بۆ ئەوەی ئاستەنگ و ئاڵەنگارییەکان تێپەڕێنن و پارێزگاری لە قەوارەی هەرێمی کوردستان و دەستکەوتەکانی بکەن.

مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان ئەمڕۆ سێشەممە بە ئامادەبونی مەسعود بارزانی و بافڵ تاڵەبانی کۆبونەوە لە ڕاگەیەندراوێکدا هاوبەشدا دەڵێت، "کۆبونەوەی هەردو مەکتەبی سیاسی سەبارەت بە ڕوداو و پێشهاتەکان و کێشەوگرفتەکانی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدڕاڵ، بەتایبەتی شایستە داراییەکان و موچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان ئەنجامدرا".

ئاماژەی بەوەشکرد، دوای گفتوگۆ و بیروڕا گۆڕینەوە و لێکدانەوەی هەمو ڕەهەندەکان لە ڕوی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتییەوە، هەردولا هاوڕابون کە هەمو هەوڵەکان چڕبکرێنەوە بۆ چارەسەری کێشە و دابینکردنی موچە و شایستە داراییەکانی هەرێمی کوردستان و تەواوی ئەو هەنگاوانەی پێویستن لە چوارچێوەی دەستوردا بۆ ئاراستەی چارەسەرکردن بە هاوئاهەنگی هەردولا بهاوێژرێن.

بەگوێرەی ڕاگەیەندراوەکە، بەشەکی دیکەی کۆبونەوە تەرخان کرابو بە زیاتر پتەوکردنەوەی پەیوەندی پارتی و یەکێتی بە ئەوەی ئاستەنگ و ئاڵەنگارییەکان تێپەڕێنن و پارێزگاری لە قەوارەی هەرێمی کوردستان و دەستکەوتەکانی بکەن. هەروەها جەختیان لە یەکخستنی هەڵویستی هەمو لایەنە سیاسییەکانی کوردستان و عیراق کردەوە کە هاوکار و پشتیوان بن لە چارەسەری ئەم کێشەیە.